Journal Of the Iraqia University (76-8) September (2026)

ISSN(Print): 1813-4521 Online ISSN:2663-7502
Journal Of the Iraqia University
available online at: https://www.mabdaa.edu.iq

# ڕووداوەکانی دەرسیم (١٩٣٧ــ١٩٣٨)
# لەنێوان گێڕانەوەی فەرمیی تورکیا و توێژینەوە بیانییەکاندا
# لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی _ شیکاری _ بەراوردکارییە

# أحداث ديرسيم (١٩٣٧–١٩٣٨)
# بين الرواية الرسمية التركية والدراسات الأجنبية
# دراسة تاريخية تحليلية – مقارنة

م.ی. ڕابەر سیروان سلێمان
زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو
rabar.sleman@univsul.edu.iq
م.ی.کەیوان صدیق محمد
زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو
kaiwan.mohammed@univsul.edu.iq

پوختەی توێژینەوە
کۆمەڵکوژیی دەرسیم کە ساڵانی ١٩٣٧ - ١٩٣٨ ڕوویداوە، بە گەورەترین پرسی ناوخۆیی مێژووی هاوچەرخی کۆماری تورکیا هەژمار دەکرێت. لەو سەردەمەشەوە تاوەکو ئێستا چەندەها دیدو تێڕوانینی جیاواز دەربارەی ئامانج و پاڵنەرەکانی پشت ئەنجامدانی و پاشخانی مێژوویی ڕووداوەکە خراونەتەڕوو: لەلایەکەوە نووسەران و مێژوونووسانی تورک، بەتایبەت لایەنگرانی دەوڵەت و کەمالیستەکان پاساوی جیاواز بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتە سەربازییەکانی سەر دەرسیم دەهێننەوەو بە پرۆسەی چاکسازی و بە شارستانیکردنی ناوچەکە ناوی دەبەن، لەلایەکی دیکەشەوە نووسەران و توێژەرانی بیانی، بەتایبەتی ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن، هەوڵدەدەن بەشێوەیەکی بابەتییانە لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکە بکەن و دیدگای خۆیان لەمبارەیەوە بخەنەڕوو. لەم وتارەدا، هەوڵدەدەین کۆمەڵکوژی دەرسیم لە ڕوانگەی دیدو بۆچوونی نووسەر و توێژەرانی تورک و ئینگلیزی زمان شرۆڤە بکەین و بۆچوونەکانیان بخەینەڕوو.

وشە کلیلییەکان: دەوڵەتی تورکیا، کورد، دەرسیم، جینۆساید.

## ملخص البحث

تعد مذبحة ديرسم التي وقعت في الفترة من ١٩٣٧ إلى ١٩٣٨ احدى أبرز الأحداث الداخلية في تاريخ الجمهورية التركية المعاصرة. ومنذ ذلك الحين، اختلفت وجهات النظر بشأن الأهداف والدوافع والسياق التاريخي لهذا الحادث المأساوي. يقدم الكتاب والمؤرخون الأتراك، وبخاصة أنصار الدولة والكماليين، تفسيرات متعددة للحملات العسكرية ضد درسيم، ويصفونها بأنها جزء من عملية الإصلاح والحضارة في المنطقة. ومن ناحية أخرى، يسعى الباحثون والمؤرخون الأجانب، وخاصة الذين يكتبون باللغة الإنجليزية، إلى تحليل الحادث بشكل موضوعي

وتقديم آرائهم بشأنه. تهدف هذه المقالة إلى استكشاف مذبحة ديرسم من خلال تحليل وجهات نظر الكتاب والباحثين الناطقين باللغتين التركية والإنجليزية.الكلمات المفتاحية: الدولة التركية، الأكراد، ديرسم، الإبادة الجماعية.

**ABSTRACT**

The genocide of Dersim in 1937-1938 is considered as the largest local event in the modern history of the Turkish Republic. Since then, many different opinions have been expressed about the goals and motives of the event, as well as about its historical background. On one hand, Turkish writers and historians, especially supporters of the state and Kemalists, cite various reasons for the military operation in Dersim, regarding it as a process of reforming and civilizing of the region. On the other hand, foreign writers and researchers, particularly those who write in English, try to interpret the events objectively and give their perspectives. In this article, we aim to analyze the genocide in Dersim from the viewpoints of Turkish and English-speaking writers and researchers.Keywords: Turkish state, Kurds, Dersim, Genocide

## پێشەکی

پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت نەتەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە تورکیا، لەسەر بنەمای ناوەندگەراییەکی توند، سڕینەوەی جیاوازیی کولتووری و یەکدەستکردنی نەتەوەیی دامەزرا. لەم چوارچێوەیەدا، ناوچەی دەرسیم بەهۆی پێگە جوگرافییە سەختەکەی و پێکهاتە تایبەتە کۆمەڵایەتی، خێڵەکیی، ئایینی و نەتەوەییەکەیەوە، هەمیشە وەک بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندیی کۆماری نوێی تورکیادا دەبینرا. ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٣٧–١٩٣٨ لە دەرسیم، لوتکەی پێکدادانی نێوان ئەم دوو دیدگا و مۆدێلە دژبەیەکە بوو، کە دەرئەنجامەکەی بە یەکێک لە کارەساتبارترین و خوێناویترین وێستگەکانی مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە کۆتایی هات.

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی مێژوونووسیی بەراوردکارییەوە لە ڕووداوەکانی دەرسیم بڕوانێت. دۆسیەی دەرسیم تا ئێستاش یەکێکە لە ئاڵۆزترین دۆسیەکان لە مێژوونووسیی تورکیادا؛ بەشێک لە مێژوونووسان لەژێر کاریگەریی گێڕانەوەی فەرمیی دەوڵەت و ئایدۆلۆژیای کەمالیزمدا، ئەم هەڵمەتانە وەک پرۆسەیەکی «شارستانیکردن»، «چاکسازی» و «چەسپاندنی یاسا» لە دژی سیستمی خێڵەکیی دواکەوتوو و یاخیبووان وێنا دەکەن. لە بەرامبەردا، ئەدەبیاتی ڕەخنەیی و توێژینەوە ئەکادیمییە بیانییەکان، بەتایبەت ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، پرۆسەکە وەک پاکتاوی ڕەگەزی، ڕاگواستنی زۆرەملێ و تاوانی جینۆساید پۆلێن دەکەن. کەواتە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە خستنەڕووی ئەم دوو گێڕانەوە دژبەیەکە و لێکدانەوەی ڕەخنەییانەی سەرچاوەکاندا دەردەکەوێت.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە چۆن گێڕانەوەی فەرمیی دەوڵەتی تورکیا، لە ڕێگەی دەستکاریکردنی مێژوو و دابڕاندنی دەرسیم لە ڕەگوڕیشەی نەتەوەیی و کولتووریی خۆی، هەوڵی ڕەوایەتیدان بە توندوتیژیی سەربازی و ڕاگواستن دەدات؟ و لە بەرامبەردا، سەرچاوە و بەڵگەنامە بیانی و ناوخۆییە بێلایەنەکان چۆن ئەم گێڕانەوەیە هەڵدەوەشێننەوە و ڕووداوەکە لە چوارچێوەی چەمکەکانی وەک «ئیتنۆساید» و «جینۆساید»دا دادەنێن؟

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەداتەوە:

١ .پاڵنەر و ئامانجە ڕاستەقینەکانی دەوڵەتی تورکیا لە پشت هێرشە سەربازییەکانی ١٩٣٧–١٩٣٨ بۆ سەر دەرسیم چیبوون؟

٢ .دیدگای مێژوونووسیی تورکی و کەمالیزم چۆن لە پێکهاتەی دانیشتووان و ناسنامەی دەرسیم ڕوانیوە و چۆن پاساوی بۆ هەڵمەتە سەربازییەکان هێناوەتەوە؟

٣ .توێژینەوە و سەرچاوە ئینگلیزییەکان چۆن لە ڕەهەندەکانی ئەم ڕوودانە و قەبارەی زیان و قوربانییەکان دەڕوانن؟

٤ .تا چ ڕادەیەک دەکرێت ڕووداوەکانی دەرسیم، لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی و پەیماننامەی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەک کردەی جینۆساید پێناسە بکرێن؟

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی مێژوویی، شیکاری و بەراوردکاری بەستراوە. لە ڕێگەی خوێندنەوە و وردبوونەوە لە سەرچاوە تورکییەکان، لە پاڵ لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان و ئەنترۆپۆلۆژستە بیانییەکان، هەوڵ دراوە بەراوردێکی زانستی لە نێوان گێڕانەوەکاندا بکرێت بۆ گەیشتن بە ڕاستییە مێژووییەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە و دوور لە لایەنگری.توێژینەوەکە بە سەرچاوە تورکی و ئینگلیزییەکان سنووردارە، و لە ڕووی کاتییەوە سەرنجی سەرەکی لەسەر ڕووداوەکانی دەرسیم لە ساڵانی ١٩٣٧–١٩٣٨ە، لەگەڵ ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوەی پاشخانی ڕووداوەکان، لە هەندێک شوێندا بۆ قۆناغەکانی پێش ١٩٣٧ گەڕاوینەتەوە. لە هەمان کاتدا، لێکدانەوەی دەرئەنجامەکانی ڕووداوەکە و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بۆ ماوەی دوای ١٩٣٨ بە پێی پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکە لەبەرچاو گیراوە.توێژینەوەکە بەسەر چەند تەوەرێکی سەرەکیدا دابەش کراوە؛ سەرەتا باس لە پاشخانی مێژوویی و دیدگای تورک بەرامبەر بە ڕەسەنایەتی و ناسنامەی دانیشتووانی دەرسیم دەکرێت. پاشان تیشک دەخرێتە سەر سیاسەتەکانی کۆماری تورکیا (بەتایبەت یاسای نیشتەجێکردنی ساڵی ١٩٣٤ و یاسای تەقریری سوکون) و ئامادەکارییە سەربازییەکان. لە بەشی دواتردا، قۆناغەکانی هێرش و قەبارەی کوشتار و ڕاگواستنەکە دەخرێنە ڕوو، و لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە دەرئەنجامەکان و بەستنەوەی ڕووداوەکە بە چەمکی جینۆساید لە ڕوانگەی توێژەران و یاسای نێودەوڵەتییەوە تاوتوێ دەکات.

## تێڕوانینی تورک بەرامبەر ڕەسەنایەتی ناوچەی دەرسیم

(مەحمود ئاک یورێکلی) لە پێشەکی نامەی ماستەرەکەیدا سەبارەت بە کێشەی دەرسیم، دەڵێت: "کێشە و ئاڵۆزییەکانی دەرسیم ڕیشەیەکی مێژووییان هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت سەردەمی چاکسازی و تەنزیماتی ئەو دەوڵەتە، کە لەساڵی ١٨٣٩ دەستیپێکرد. هەر لەو کاتەوە هۆزەکانی دەرسیم بەردەوام ناکۆکییان هەبووە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و بەهۆی کردەی یاخیبوون و تێکدانی نەزمی گشتی لەماوەی سەد ساڵدا دەیان جار ڕەخنەیان لێگیراوەو هەوڵی چاکسازییان دراوە. بەشێکی گەورەی ئەو ناکۆکییانەش لەپێناو بەردەوامبوونی حوکمڕانی و لەدەستنەدانی دەستکەوتەکانیان

بووە. کاتێکیش دەوڵەتی نوێ هەوڵیدا دەسەڵاتی ناوەندی بۆ ناوچەکە بگوازێتەوە، بەهەمانشێوە ڕووبەڕووی ئەو ململانێ و بەربەستانە بوویەوە، کە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بە میرات بۆی جێمابوو[1]".

سەبارەت بە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەش هەریەکە لە (بەهادین ئۆگێل و حەقی دوورسون) ئاماژە بەوە دەکەن: "لە سەردەمی تەشەنەسەندنی ئیسلام لە ناوچەی ئەنادۆڵدا، لە سەدەی ١١ تاوەکو سەدەی ١٨، ناوچەکە بۆ ماوەی نزیکەی ٧٥٠ساڵ واڵا بووە لەبەردەم چەندەها گروپ و هۆزو تاقمی جۆربەجۆردا کە وەک نیشتەجێی هەمیشەیی تێیدا ژیاون. لەبەرئەوە تێڕوانینێکی هەڵەیە ئەگەر بڵێین یەکەم دانیشتوانی ناوچەکە تاوەکو ئەمڕۆش لە هەمان ئەو شوێنانەدا ژیاون[2]". جگە لەوەش شوێنەواری ئەرمەنییەکان و پاشماوەی گوندنشینانی یۆنانی سەردەمی بێزەنتی زۆر بەڕوونی دەبینرێن، کە تاوەکو دوا قۆناغی دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچەیەدا ژیاون[3]. تەنانەت گوندو شارۆچکەکانیان لە ناوچە گونجاوەکانی ئەم هەرێمەدا دامەزراندووەو سەدان ساڵ پێش تورکمان و کورد لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون[4]. بەوپێیەی تورک و کورد ناوچەکەیان وەک لەوەڕگە بەکارهێناوە، هەربۆیە مێژووی نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی دەرسیم زۆر کۆن نییە[5].

هاوکات بەشێک لە بەڵگەنامەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی هەموو هۆزەکانی دەرسیمی ئەمڕۆ لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٥ و دوای سەدەی ١٦، ڕوویان کردۆتە ناوچەکەو وەک دراوسێ لەگەڵ گوندە ئەرمەنی و یۆنانییەکاندا نیشتەجێ بوون، بەڵام دواتر بە فشارخستنە سەریان، باڵادەستیی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندووە[6]. لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەردەکەوێت کە فیدراسیۆنی دێرسیمان و شێخ حەسەنلی کە زۆرینەی هۆزەکانی زازاو عەلەوی لەخۆدەگرێت و نزیکەی ٧٠%ی ناوچەکە پێکدەهێنن، لە قەزای گەرگەری سەر بە شارۆچکەی مەلاتیا لە سەدەی ١٦دا هاتوون و گروپێکی دیکەشیان لە ناوچەی گۆکدێرێی قەزای پالوی سەر بە پارێزگای ئێلازیخی ئەمڕۆوە هاتوون[7].

هەر لەم بارەیەوە (نەشیت حەقی ئوڵو) دەڵێت: "ئەم هەرێمە بەبێ ئەوەی لە هەزاران ساڵی ڕابردوودا نە کورد و نە تورک و نە هیچ هۆزێکی تر هەژموونی بەسەردا هەبووبێت، گەیشتووەتە ئەم ڕۆژە. بەسروشتی خۆی جوگرافیایەکە کە تاوەکو دوو سەدەی ڕابردوو لەلایەن هۆزە کۆچبەرەکانەوە وەک لەوەڕگە بەکاردەهێنرا، هەندێکجاریش پەناگە بووە بۆ ئەوانەی لە کۆمەڵکوژییەکان یان هەر ڕووداوێکی نەخوازراوی دیکە هەڵاتوون. هەربۆیە دەتوانین بەڕوونی بڵێین کە هەرێمی دەرسیم نە لە ڕابردوو نە لە ئێستاشدا پێکهاتەیەکی یەکسان و یەکپارچەیی نەبووە[8]". هەربۆیە کارێکی گرنگە کە بەشێوەیەکی فرەڕەهەند لە دۆخی جوگرافی، کلتوری، نەتەوەیی و ئایینی ناوچەی دەرسیم بکۆڵینەوە، هاوکات پۆلێنبەندییەکی ناوچەیی بە گونجاندنی زمان و پێکهاتەی نەتەوەیی و کلتوری لەگەڵ جوگرافیاکەیدا ئەنجام بدەین و، ناوچەکە بە ناوچەی (گرووپە کلتورییەکان) ناوزەند بکەین.

بە وردبوونەوەو تێڕامان لە بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامەو سەرچاوە تورکییانەی کە سەبارەت بە ڕەسەنایەتی و ڕیشەی مێژوویی دەرسیم و ناوچەکانی دەوروبەری ئاماژەمان پێدان، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە هەندێک لە نووسەرو مێژوونووسانی تورک چ لە ڕابردوو چ لە ئێستادا، بەدیدێکی لایەنگرانەو نائەکادیمییانە دەربارەی مێژوو، جوگرافیا، نەژاد، ئایین و مەزهەبی دانیشتوانی ناوچەی دەرسیم دواون. تەنانەت هیچ کات باوەڕیان بە یەکپارچەیی و هەبوونی زۆرینەیەکی کورد لەو ناوچەیە نەبووە.

## کۆماری نوێی تورکیاو چارەنووسی دەرسیم

ڕووداوەکانی دوای دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا، زۆر بەڕوونی جیاوازی هەرێمی دەرسیم لەگەڵ بەرەوپێشچوونە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەو کۆمارە نوێیە بەدیاردەخەن. کۆماری تورکیا هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوەو دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە کوردییەکان، سەرنجی زیاتری خستە سەر دەرسیم و ناوچەکەی بە سەرئێشەو سەرچاوەی کێشە بۆ کۆمارو شوێنی چڕبوونەوەی هێزە خراپەکارە کۆنەپەرستەکان و فیتنەی ناوخۆیی و دەرەکی و هەروەها بارمتەی سەرۆک خێڵ و سەرکردە ئایینییەکان، دەبینی.

سەبارەت بەو بارودۆخەش، چەندەها کەسایەتی سیاسی، ئەکادیمی و سەربازی تورکیا نیگەرانی خۆیان لەهەمبەر دۆخی دەرسیم دەربڕیووە، بۆنموونە: (حەمدی بەگ) کە یەکێک بوو لە بەرپرسانی باڵای سەربازیی کۆماری نوێی تورکیا، لە ڕاپۆرتێکدا کە ساڵی ١٩٢٦ ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دەوڵەتی کردووە، هەرێمەکەی بە (دوومەڵ-برین) ناوبردووە کە بەپەلە پێویستی بە پزیشکی نەشتەرگەری هەیە. هەروەها ڕۆژنامەنووس و پەرلەمانتار (نەشیت حەقی ئوڵو) لەساڵی ١٩٣٢ نامیلکەیەکی لەژێر ناونیشانی (دەرەبەگەکان و دەرسیم) بڵاوکردەوەو لەکۆتایی نامیلکەکەدا پرسیاری ئەوە دەکات کە چۆن (سیستمی دەرسیم) کە لەسەر بنەمای دەرەبەگایەتی و چەتەییە، لەناوببرێت[9]. تەنانەت، یونس نادی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی جمهورییەت، لەساڵی ١٩٣٧ دەرسیمی بە (پەڵەیەکی بچووک لەسەر نیشتمانی دابەشنەکراوی تورکی ناوبردووە).

جێگەی باسە، هەوڵ و تەقەلالای تورکخوازەکان بەتەنها لە چوارچێوەی ناڕەزایی دەربڕین و ترس و نیگەرانیدا نەمایەوە، بەڵکو لە قۆناغێکی دواتردا گەیشتە هەوڵی پراکتیکی، بەتایبەت دوای ئەوەی هەریەکە لە (ئیبراهیم تالی) پشکنەری گشتی، (فەوزی چاکماک) و (شوکور کایا)ی وەزیری ناوخۆ، بەشێوەیەکی مەیدانی دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی زانیاری و نووسینی ڕاپۆرتێك بۆ سەرانی دەوڵەت، وە لەکۆتاییدا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە پێویستە بە پشتیوانی هەڵمەتە سەربازییەکان پرۆسەی چاکسازی لە دەرسیم ئەنجام بدرێت[10].

هەر لەو بارەیەوە، ڕۆژنامەی میللەت لە ئەیلولی ١٩٣٠دا لێدوانێکی (مەحمود ئێسات)ی وەزیری دادی بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا هەڵویستی بنەڕەتی بۆرجوازیەتی تورکیی بەرامبەر بە گەلی کورد نیشان داوە، بەتایبەت کاتێک دەڵێت: "تورکەکان تاکە خاوەنی ئەم وڵاتەن، هەموو ئەوانەی ڕەچەڵەکێکی پاکی تورکییان نیە، تەنها مافی ئەوەیان هەیە ببنە خزمەتکار و کۆیلە[11]". هاوکات دەسەڵاتدارانی تورکیا، ڕاپەڕینە کوردییەکانیان بە کاردانەوەو کۆنەپەرستی نادەبردو وەک بەربەست لە بەردەم (شارستانییەت) و (پێشکەوتن)دا دەیانبینی، هەربۆیە ئەو مافەیان بە خۆیان دەدا تا بەتوندترین شێوە سەرکوتیان بکەن[12].

پاڵنەرو ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی دەرسیم

بەبڕوای (هێنری بارکی)، ئامانجی دەوڵەتی تورکیا لەو قۆناغەدا بریتییەوە لە تواندنەوەی کورد. ئەم سیاسەتی تواندنەوەو پاکتاوی ڕەگەزییەش ڕەهەندێکی تونددوتیژانەو گشتگیری هەبووە لە سەرانسەری دەوڵەتەکەدا[١٣]. لەڕاستیدا، نیازی دەوڵەت لە هێورکردنەوە، یاخود چاکسازی یان پاککردنەوەی دەرسیم، بەڕوونی لە زنجیرەیەک ڕاپۆرتدا هاتووە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالانی ١٩٣٠. بۆنموونە: (شوکور کایا) لەساڵی ١٩٣١، هەرێمەکەی بە (ئەنارشییەکی تەواو) ناوبردووە. (فەوزی چاکماک)ی سەرۆک ئەرکانی سوپا، لەهەمان ساڵداو لە ڕاپۆرتێکدا جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەرێمەکە لەلایەن گروپە شەڕانگێزو تالانچییەکانەوە کۆنترۆڵکراوە کە بێ پشوودان سەرقاڵی چەتەگەرییین. واتە لە ڕاپۆرتە نهێنییەکاندا، کایا و وەزیرەکانی دیکە نیگەرانی خۆیان نەشاردۆتەوە لەوەی کە دەرسیم بەباشی چەکدار کراوەو ئامادەیە بۆ یاخیبوون[١٤].

ساڵی ١٩٣٤، دەوڵەتی تورکیا بەمەبەستی چەسپاندنی بنەمایەکی یاسایی بۆ نیشتەجێکردنی دانیشتوانی وڵاتەکە لەسەر بنەمای گروپی کولتووری و زمان، (یاسای نیشتەجێکردن)ی پەسەندکرد[١٥]. بەگوێرەی ئەم یاسا نوێیە، بەهەموو شێوەیەك ڕەتکرایەوە کە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە کوردستان ناوببرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی فەرمی ناوچەکانی دەوروبەری دەرسیمی بە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ناوزەند کرد. جگە لەوەش، دەوڵەتی تورکیا خۆی لەوە بەدوور دەگرت کە ڕاستەوخۆ دان بەوەدا بنێت کەدانیشتوانی ئەو ناوچانە کوردن، هەربۆیە ڕایگەیاند کە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە زمانیان تورکی نییە دەبێت ناچاری کۆچ بکرێن. بەپێی چاکسازییەکانی دەوڵەت، ئەم سیاسەتە ئامانجی بەرەوپێشبردنی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان بوو لە ناوچەی ئەنادۆڵ بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. هەروەها ئەم یاسایە ڕەوایەتی دا بە کەمکردنەوەی دانیشتوانی هەرێمەکانی تورکیا بە هۆکاری کلتوری، سیاسی، سەربازی، وەک شوکر کایای وەزیری ناوخۆ ئاماژەی پێکردووە، ئەم یاسایە بە ئامانجی دورستکردنی وڵاتیکی (یەک زمان، مێنتەڵیتیت و هەست)ە[١٦].

لەگەڵ یاسای نیشتەجێکردنی ساڵی ١٩٣٤، یەکێک لە گرنگترین هەنگاوە کارگێڕی و یاساییەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەرسیم، پەسەندکردنی یاسای ژمارە ٢٨٨٤ بە ناونیشانی «یاسای بەڕێوەبردنی پارێزگای تونجەلی» لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥ بوو. بەگوێرەی ئەم یاسایە، دەرسیم بوو بە پارێزگایەکی جیاواز بە ناوی تونجەلی و والیی پارێزگاکە لەگەڵ پۆستی سەربازیی خۆی، دەسەڵاتی فراوانی ئیداری و سەربازیی پێدرا. هەروەها ئەو کەسەی بۆ ئەم پۆستە دیاریکرا، بەڕێوەبەری پشکنەری گشتیی چوارەمیش بوو، کە ئەمەش پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی مەدەنی و سەربازی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەدا بەهێزتر کرد. بەمشێوەیە، چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە دەرسیم، پێش دەستپێکردنی هەڵمەتە سەربازییەکانی ١٩٣٧–١٩٣٨ بەشێوەیەکی بەرچاو دامەزرابوو[١٧].

کاربەدەستانی تورکیا بەمەبەستی جەێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، لە حوزەیرانی ١٩٣٤دا وڵاتیان بەسەر چوار زۆندا دابەش کرد:

- √ زۆنی یەکەم: ئەو هەرێمانەی (ناوچانەی) کە خوازیاربوون چڕی دانیشتووانی تورکی تیادا بەرز ببێتەوە.
- √ زۆنی دووەم: ئەو هەرێمانەی کە لەڕێگەی تێکەڵکردن و کۆچپێکردنەوە، بە کلتوری تورکیی بارگاوی دەکرێن.
- √ زۆنی سێیەم: ئەو هەرێمانەی کە کۆچبەرانی تورک بە ئازادی و بەبێ هاوکاری دەسەڵات دەتوانن تێیدا جێگیر ببن (بەمشێوەیە بەپیتترین ناوچەکانی کوردستان پێشکەشی کۆچبەرانی تورک کرا)
- √ زۆنی چوارەم: ئەو هەرێمانەی بە هۆکاری تەندروستی، ئابووری، کلتوری، سیاسی، سەربازی، بڕیاردرابوو چۆڵ بکرێن و نیشتەجێبوون تێیاندا قەدەغە بوو[١٨].

بەپێی ئەم دابەشکارییە، دەرسیم دەکەوتە زۆنی چوارەمەوە، واتا دەبوو چۆڵ بکرێت و بەرووی دانیشتوانەکەیدا دابخرێت. بۆ ئەمە مەبەستەش لەساڵی ١٩٣٦، ئۆفیسی پشکنەری چوارەم دامەزراو ژەنەڕاڵ عەبدولا ئەلپدۆغان، بەرزترین دەسەڵاتی دادوەری و ئیداری بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی پرۆگرامی چاکسازی لە دەرسیم پێبەخشرا. لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە، دانیشتوانی ناتورک و ناموسوڵمانەکان، لەم شوێنانە دوودەرخرانەوەو دەگوێزرانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە دەکرا تێیاندا هەموو مۆرکێکی ڕەسانەیەتی خۆیان لێ بسێننەوە. جێگەی باسە، یاسای نیشتەجێکردن لەگەڵ (یاسای تەقریری سوکون _ یاسای پاراستنی ئاشتی[١٩]) بەکاردەهێنران بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بە تورککردن. بەواتایەکی دیکە، سیاسەتی دەوڵەت بەشێوەیەک ئاراستە کرابوو کە نیشتەجێکردنی دانیشتوانی ناتورک لە هیچ شوێنێکی وڵاتدا ڕێژەی ١٠٪ ی دانیشتوان تێنەپەڕێنن. بەمشێوەیە دەوڵەت لەساڵی ١٩٣٠یەوە ئەم ئۆپەراسیۆنانەی زیاد کردو لەساڵی ١٩٣٨دا لە دەرسیم گەیشتە لوتکە[٢٠].

ئامادەکاریی هەڵمەتە سیاسی و سەربازییەکان

پراکتیزەکردنی هەڵمەتە سیاسی و سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر دەرسیم، لەساڵی ١٩٣٦دا لەڕێگەی کۆمەڵێک سیاسەتی جۆراوجۆرەوە بەگەڕخرا. لەسەرەتاوە دۆخی گەمارۆ بەسەر شارەکەدا سەپێنراو دەوڵەت هەزاران پارچە چەکی لە خەڵکی ناوچەکە کۆکردەوە. پاشان ملیۆنان لیرەی تورکی تەرخانکرا بۆ دامەزراندنی بنکەی نوێی پۆلیس و بارەگای سەربازی و پردو جادەو هێڵی ئاسنین، دەستیانکرد بەگواستنەوەی سەربازو بەرپرس و کارمەند بۆ دەرسیم و ناوەندە کارگێڕییەکەی. واتە کاربەدەستانی خۆجێی دەرسیم، کە دەوڵەت پێیوابوو بە ڕەچەڵەک کوردن یان هاوسۆزی کوردن، بە زۆرەملێ دوورخرانەوەو ئەو کەسانە دانران کە بە داکۆکیکاری سەرسەختی (تورکیزم) ناسرابوون.

هاوکات کاربەدەستانی تورکیا، بەرنامەیەکی سیستماتیکی بە تورککردنیان دەستپێکرد تاوەکو دانیشتوانی ناوچەکە باشتر بخزێننە ناو بۆتەی نەتەوە نوێیەکەوەو دەسەڵات و سەرکردایەتی خۆجێیش کەمبکەنەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش خوێندنگە بۆ کچان و کورانی دەستەبژێری خێڵەکی و ئایینی کرایەوە تاوەکو بە پرنسیپەکانی کۆمارە نوێیەکە ئاشنا ببن. لەم بارەیەوە عیسمەت ئینۆنو لە بیرەوەرییەکانیدا بەشانازییەوە دووپاتی دەکاتەوە کە تاوەکو بەجێهێشتنی پۆستەکەی لەساڵی

١٩٥٠، ژمارەی خوێندنگە سەرەتاییەکانی دەرسیم لە هەموو پاریزگاکانی وڵات زیاتر بووە[٢١]. لەڕاستیدا، ئامانجی سەرەکی دەوڵەت، پێکهاتەی سیاسی دەرسیم بوو کە لەسەر دوو دامەزراوەی سەرەکی بنیاتنرابوو: سیستمی ئۆجاک و سیستمی خێڵ. سیستمی ئۆجاک دامەزراوەیەکی ئایینی تایبەتمەند بوو بە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردە عەلەوییەکان، کە لەپێناو چارەسەرکردنی پرس و ئاریشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا بەبێ ئەوەی هیچ چاودێرییەکی دەوڵەتی بەسەرەوە بێت، کاری کردووە[٢٢].

دەستپێکردنی هێرش

دوابەدوایی ئامادەکارییە سەربازییەکان و کۆکردنەوەی سوپا لە دەرسیم، لە ئازاری ساڵی ١٩٣٧دا پێکدادانە سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی دەرسیم بە هێرشی خێڵەکان بۆ سەر بنکەیەکی پۆلیس دەستییێکرد. تەرازوی هێزی ڕاپەڕیوەکان و هێزی دەوڵەت لەڕووی ژمارەی سەربازو کەرەستەی سەربازییەوە تاڕادەیەکی زۆر ناهاوسەنگ بوو. لە ئایاری ساڵی ١٩٣٧دا ئەنجومەنی وەزیران، بەنهێنی بڕیاری هێرشی بۆ سەر ڕۆژئاوای دەرسیم و لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانە دەرکرد کە چەکیان لە دژی دەوڵەت بەکارهێنابوو. لە هەمان ڕۆژدا فڕۆکەکانی دەوڵەت، ئاگادارییان بەسەر ناوچەکەدا بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو لە ئەگەری خۆڕادەستکردندا هیچ زیانێکیان پێناگات و بەپێچەوانە هێزە سەربازییەکان لەناوتان دەبەن[٢٣].

مایەی ئاماژە پێکردنە، لەسەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکاندا، خێڵە کوردییەکان بە ڕابەرایەتی سەید ڕەزای دەرسیم بەرەنگارییەکی توندیان دەکرد، بەڵام ناهەوسەنگیی هێزو کەمیی چەک و تەقەمەنی، یارمەتیدەر بوون بۆ سوپای تورکیا تاوەکو سەرکەوتووانە پێشڕەوەی بکات. لەنامەیەکدا کە مانگی تەموزی هەمان ساڵ سەید ڕەزا ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی کردووە، بەڕوونی ئاماژەی بەوە داوە کە هەڵمەت و ئۆپەراسیۆنەکانی دەوڵەت لە ناواخندا پاکتاوی ڕەگەزییە دژ بە کورد، پاشان ڕاگوێزان و جەنگی لەناوبردنی خەڵکی ناوچەکەیە. دوای ئەوە، لەڕێگەی (نوری دەرسیمی)ی هاوڕێیەوە نامەیەکی نیگەرانی ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، بەڵام بێوەڵام بوو. سەرئەنجام لە ١٠ی ئەیلول، شێخ ڕەزا لە ئەرزنجان خۆی ڕادەستی سوپا کردو ماوەیەک دواتر لەگەڵ چەند سەرۆک خێڵێکی دیکە لە سێدارە دران[٢٤].

سەرەڕای شکستەکانی ساڵی ١٩٣٧، هێشتا گروپە چەکدارەکانی دەرسیم بەردەوام بوون لە هێرشکردنە سەر هێزەکانی دەوڵەت. لەبەرامبەردا، هەڵمەتە سەربازییەکانی دەوڵەتیش سیمایەکی نوێ و گشتگیرتری وەرگرت و حکومەت دەستیکرد بە پاکتاوکردنێکی گشتی بۆ ئەوەی (بەیەکجاری و بۆ هەمیشە کێشەی دەرسیم) بنبڕ بکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە ١٠ی ئابی ١٩٣٨، هەڵمەتێکی گەورەی پاکتاوکردنی دەستپێکردو لەسەرەتای مانگی ئەیلول کۆتایی هات، ژیانی هەزاران پیاو، ژن و منداڵی لەناوبرد، تەنانەت ئەندامانی ئەو خێڵانەشی گرتەوە کە هاوکاری دەوڵەتیان کردبوو[٢٥].

زیان و قوربانییەکان

بەپێی ڕاگەیاندنە فەرمییەکان، هەڵمەتی سەربازیی ساڵی ١٩٣٧، باندەکان، سەرۆک خێڵ کۆنەپەرستەکان و ڕابەرە ئایینییەکانی کردۆتە ئامانج، کە خەڵکی ئاسایی و بێتاوانیان بەلاڕێدا بردووە. بەڵام بەشێوە نهێنییەکەی، هەر لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنەکانەوەو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە ٤ی ئایاری ١٩٣٧، بەشێک لە خەڵکی دەرسیم کرانە ئامانج، بەتایبەت هەڵمەتی بەهاری ١٩٣٧، کە زیاتر ناوچە سڤیلنشینەکانی گرتەوەو زۆربەی پێکدادانەکانی تێدابوو. بەگوێرەی فەرمانەکانی دەوڵەت، پێویست بوو گوندەکان لە چەک دابماڵدرێن و چۆڵبکرێن، بەڵام لەبنەڕەتدا هێرشە سەرەکییەکان بۆ سەر گروپە چەکدارەکان بوو[٢٦].

دوابەدوای هەڵمەتەکانی هاوینی ساڵی ١٩٣٨، هەڵمەت و هێرشە سەربازییەکانی تورکیا قۆناغێکی نوێیان بەخۆوە بینی و بەشێوەیەکی فراوانتر توندوتیژی دژی دانیشتوان پیادە دەکرا، تەنانەت دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دەرەوەی دەرسیمیش کە خۆیان ڕادەست نەکردبوو، بەگوێرەی یاسای نیشتەجێبوون وەک ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیەندرابوون، ئەنجومەنی وەزیران لە ٦ی ئابی ١٩٣٨، بڕیاریدا کە دەبێت ٥٠٠٠-٧٠٠٠ دەرسیمی لە ناوچە قەدەغەکراوەکانەوە ڕابگوێزرێن بۆ ڕۆژئاوا. بەوشێوەیە هەزاران کەس کە ناویان لە لیستی پشکنەری گشتی چوارەمدا بوو، دەستگیرکران و بە قافڵە ڕەوانەی ئەو ناوچانە کران، کە فەرمانیان پێکرابوو کۆچی بۆ بکەن[٢٧].

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو بنەماڵانەی کە لە دەرەوەی ئەو زۆنانە دەژیان، یاخود لە ناوچەکانی دراوسێی دەرسیم بوون، ئەگەر ئەندامی خێڵەکانی دەرسیم بوونایە، ئەوا دەبوونە ئامانجی ئەو ڕاگواستنە. جگە لەوەش، کەسایەتییە دیارەکان کە لە دەرەوەی دەرسیم دەژیان و هەروەها هەندێک لە گەنجانی دەرسیم، کە لە سوپای دەوڵەت خزمەتییان دەکرد، کوژران. هاوکات لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک وەزیران، وەزیری ناوخۆ، وەزیری بەرگری و پشکنەری سەربازی، پێشنیاری ئەوە کرابوو کە بۆ لەناوبردنی ئەو چەتانەی کە ڕگازریان بووبوو، هەمان ئەو ڕێکخراوە تایبەتە بەکاربهێنرێت کە بە کوشتنی بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکان ناسرابوو لە ساڵانی ١٩١٦-١٩١٧دا، بەتایبەتی بۆ کوشتنی کەسایەتییە بە ئامانجیگیراوەکان[٢٨].

بەگوێرەی نووسینەکانی (ڕەشات هالی) کە بە مێژوونووسی فەرمی سەربازیی ناسراوە لە تورکیا، تەنها لە هەفتەی یەکەمی پاکتاوکردنەکە، واتە لە ڕێکەوتی ١٠ بۆ ١٧ی ئابی ١٩٣٨، هەزاران (چەتە) لەناوبراون. هالی ئاماژە بەژمارەیەکی گشتی قوربانییەکان لە تەواوی هەڵمەتەکەدا ناکات. بەڵام لە وەسفی وردی ئەو مێژوونووسەوە، کە باس لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر کەس دەکات لە دەیان ڕوودا‌ودا، پێدەچێت کۆی گشتی قوربانییەکان زیاتر بێت لە ١٠ هەزار کەس. لە ڕاپۆرتێکی بڵاونەکراوەی ئەلپدۆغانی پشکنەر، کە لەم دواییانەدا لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا بڵاوکرایەوە، ئاماژە بە مردنی ١٣،١٦٠ کەسی مەدەنی و ١١،٨١٨ کەسی دیپۆرتکراو دەکات. لەڕاستیدا ژمارەی زۆری مردووەکان و چەندەها بەڵگەی دیکە دەیسەلمێنن کە ئەو کوشتارە زۆرە تەنها لە هۆزە یاخیبووەکانی سەر سنووردا نەبووە[٢٩].

بە بەراوردکردنی سەرژمێرییەکانی ١٩٣٥ و ١٩٤٠ بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ناوچەی هۆزات زیاتر لە دە هەزار کەس مردوون. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە سوپا گازی ژەهراوی بەکارهێناوە بۆ کوشتنی ئەو کەسانەی کە لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان حەشار داوە. زۆری دیکەش لە ماڵەکانیان بەزیندوویی سووتەمەنیان پێدا کراوەو سوتێنراون. تەنانەت

ئەو کەسانەی خۆشیان ڕادەست دەکرد، لەناودەبران. ژنان و کچان بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی تورکەکان، خۆیان هەڵدەدایە کەندەڵانە قووڵەکانەوە. سەربازەکان پشتڕاستی ئەوەیان کردۆتەوە کە فەرمانی کوشتنی ژن و منداڵیان پێدراوە[٣٠].

ڕاپۆرتی کاربەدەستە فەرمییەکان، دەربارەی ئەنجامی ڕۆژانەی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی دەرسیم، لەناوبردنی سەدان (چەتە)ی لەلایەن یەکە جیاوازەکانی سوپاوە دۆکیۆمێنت کردووە. سەربازەکان هەموو ئەو گوند، کێڵگە، ئالیکی زستانەی ئاژەڵەکانیان دەسووتاند، کە دەهاتە ڕێگەیان بۆ ئەوەی هەر سەرچاوەیەک کە ببێتە پشتیوانی بۆ ڕاپەڕیوەکان، بنبڕی بکەن. جگە لەوە دەستیان بەسەر ئاژەڵ و چەکەکانیان دەگرت. لەوەش زیاتر، سەدان ژن، منداڵ و پیاویان دەستگیر کردو لە زێدی خۆیان دووریان خستنەوە. سەرچاوە سەربازییەکان ڕایانگەیاندووە، کە لە ماوەی ١٧ ڕۆژدا، هێزە چەکدارەکانی تورکیا ٧٩٥٤ کەسیان بەزیندوویی و بەمردوویی لە ناوچەی ئاڵۆزییەکان بردووەتە دەرەوە. ئەم ژمارەیەش پێناچێت ئەوانە بگرێتەوە کە پێشتر کوژراون. هەروەها زیاتر لە ٣٥٠٠ کەس ڕاگوێزران بۆ ناوچەکانی دیکەی وڵات[٣١].

لەپاڵ سەرچاوە خۆجێییەکان، بەڵگەیەکی گرنگی دیکە بۆ تێگەیشتن لە ئاستی توندوتیژییەکان ڕاپۆرتەکانی نوێنەرانی دەرەوەی تورکیایە. بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆنسوڵی بەریتانیا لە ترابزون لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩٣٨، لە پرۆسەی پاککردنەوەی ناوچەکەدا هەزاران کورد، لەوانە ژن و منداڵ، کوژران و ژمارەیەکی دیکە، دوای دەستبەسەرکردنی ئاژەڵ و سامانەکانیان، بۆ ناوەڕاستی ئەنادۆڵ ڕاگوێزران. گرنگیی ئەم ڕاپۆرتە لەوەدایە کە لە کاتی ڕووداوەکاندا نووسراوە و لەلایەن بەرپرسیارێکی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیاوە ئامادە کراوە. هەرچەندە ڕاپۆرتەکە تەنها یەک سەرچاوەی دەرەکییە و نابێت بە تەنها بۆ دیاریکردنی کۆی قوربانییەکان بەکاربهێنرێت، بەڵام دەتوانێت وەک بەڵگەیەکی گرنگ بۆ بەراوردکردنی سەرچاوە دەوڵەتی و سەرچاوە بیانییەکان سوودی لێ وەربگیرێت[٣٢].

ئایا ڕووداوەکانی دەرسیم، کردەی جینۆسایدبوون؟

بەهۆی هەلومەرجی سیاسی هاوچەرخەوە، تا ئەم دواییانە، کەمبوون ئەو لێکۆڵەرانەی کە بە تەواوی لە ڕووداوەکانی دەرسیمیان کۆڵیبێتەوەو بە جینۆسایدیان ناوبردبێت. لەمبارەیەوە، کوردناس و ئەنترۆپۆلۆژیستی هۆڵەندی (مارتن ڤان برۆنسن) ئاماژە بەوە دەکات کە (هەڵمەتی دڕندانەی سەر دەرسیم، لوتکەی زنیجرەیەک ڕێوشوێن بوو بۆ تواندنەوەی ناسنامەی کورد)و ئەو ئۆپەراسیۆنەکان بە ئیتنۆساید ناو دەبات[٣٣]. بۆیە بەلای برۆنسنەوە ئامانجی دەوڵەت لە ئۆپەراسیۆنەکان، پاکتاوکردن بووە لەڕێگەی لەناوبردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی، نەک ئەنجامدانی جینۆساید. هەرچەندە ئەمە پێچەوانەی پۆلێن و پێناسەی جینۆساید نیە، بەتایبەتی لە کەیسی کوردانی عەلەوی و دانیشتوانی دەرسیم بەگشتی، کە تا ئێستاش بە نیگەرانی وجددیەتەوە لە سیاسەتی بەیەک نەتەوەکردنی- تورکاندنی (homogenization policies) تورکیا دەڕوانن[٣٤].

مایەی ئاماژە پێ کردنە، لەپاش دەرکەوتنی چەمکی جینۆساید[٣٥]، تورکیا لەنێو ئەو وڵاتانەدا بوو کە ڕێککەوتنامەی ڕێگریکردنن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی پەسەند کردو لەوەش زیاتر تورکیا هەرگیز دانی بە بەرپرسیارێتی بەشداری دەوڵەت لەم جۆرە تاوانەندا نەناوە، لەوانەش کە پێش ڕێککەوتننامەی ئاماژەپێکراو ڕوویانداوە، بگرە تورکیا بەشێوەیەکی سیستماتیک، تاوانەکانی ڕەتکردۆتەوەو بەردەوامیشە لە ڕەتکردنەوەی. جگە لەوەش، تورکیا خۆی وەک قوربانی لەم سینارۆیانەدا نیشان دەدات! ئەمە سەرەڕای بوونی بەڵگەی قایلکەر کە دەیسەلمێن ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دەرسیم، کردەی جینۆسایدن وەک ئەو پێناسەیەی لە ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا هاتووە. بەڵام تورکیا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردۆتەوەو هەوڵی بچووکردنەوەی بابەتەکە و نیشاندانی ڕووداوەکانی ١٩٣٨ی وەک کردەیەکی پێویست بۆ بە شارستانیکردنی ناوچەکە، داوە[٣٦].

نزیکەی هەموو ڕاپۆرتە دەوڵەتییەکان لەو سەردەمەدا، یەکدەنگن لەسەر ئەو بڕوایەی کە سەیدەکان مەترسین وکاریگەری نەرێنییان لەسەر کۆمەڵگا دروستکردووە. ئاشکرایە کە سەیدەکان ئەندامی دامەزراوەیەکی گرنگی کوردە عەلەوییەکانن، کەوابێت ئۆپەراسیۆنەکانی دەرسیم هێرشی ڕاستەوخۆ بوون بۆ سەر کوردە عەلەوییەکان و ئامانجیان ڕیشەکێشکردنی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بووە، کە لە تێکەڵەیەکی ناوازەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خێڵایەتی پێکهاتووە. هەربۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرسیم، بەمەبەست، کوردانی عەلەوی کردە ئامانج و لە ئاکامدا لانیکەم کوشتاری بە کۆمەڵی لە ٢٠٪ بۆ ٥٠٪ کوردانی عەلەوی لە دەرسیم لێ کەوتەوە، بۆیە دەکرێت تەواوی پرۆسەکە بە جینۆساید هەژمار بکرێت[٣٧].

هاوکات، بەڵگەیەکی دیکەی حاشا هەڵنەگر بۆ سەلماندنی جینۆسایدی دەرسیم، بەندی دووەمی ڕێککەوتنامەی جینۆساید خۆیەتی[٣٨]. بەگوێرەی بەندی دووەم، بۆ پۆلێنکردن و دەستنیشانکردنی ڕووداوێک بە جینۆساید، پێویست ناکات ژمارەیەکی کۆنکرێتی لە گروپێکی دیاریکراو بکوژرێت، بەڵکو ئامانج و نیازی کردەکە لەبەرچاو دەگیرێت. کەوابێت، کردەوەکانی دەوڵەتی تورکیا بەتەواوی لەگەڵ ئەو پێناسەیەی بەندی دووی ڕیککەوتنامەکە یەکدەگرێتەوە تاوەکو بە جینۆساید پۆلێن بکرێت، چونکە ئامانجی دەوڵەتی تورکیا نەک تەنها کوشتنی ژمارەیەک کەس بووە، بەڵکو ئامانجی ئەو دەستیوەردانە، هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردانی عەلەوی بووە، بەئامانجی ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە ڕابگوێزن و ئەوانەشی کە دەمێننەوە پاکتاویان بکەن. هەروەکو جەلال بایاری سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا، لە وتارێکیدا بۆ پەرلەمان لەساڵی ١٩٣٨، بە ڕوونی ئاماژەی بەمە کردووە[٣٩].

دەرئەنجام

شیکردنەوەی سەرچاوە و لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی تایبەت بە ڕووداوەکانی دەرسیم لە ساڵانی ١٩٣٧–١٩٣٨دا، دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم ڕووداوانە تەنیا پێکدادانێکی سەربازیی ڕووت لە نێوان سوپای دەوڵەت و کۆمەڵێک گرووپی چەکداردا نەبووە؛ بەڵکو ڕەنگدانەوەی ململانێیەکی قووڵ و بونیادی بووە لە نێوان پرۆسەی ناوەندگەرایی و بنیاتنانی کۆماری نوێی تورکیا لە لایەک، و پێکهاتە کۆمەڵایەتی، کولتووری، خێڵەکیی و ئایینییە تایبەتەکانی دەرسیم لە لایەکی دیکەوە. لەم سۆنگەیەوە، سیاسەتی بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەوڵەت

بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕەها، ڕێکخستنەوەی کارگێڕی، و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە لە ڕێگەی یاسای تایبەتەوە (بەتایبەت یاسای نیشتەجێکردنی ساڵی ١٩٣٤)، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دروستکردنی زەمینەی سیاسی و سەربازیی ئەم ڕووداوانەدا گێڕاوە.

هاوکات، بەراوردکاریی نێوان سەرچاوە تورکی و ئینگلیزییەکان دەری دەخات کە کەلێنێکی بەرچاو لە شێوازی ناساندن و لێکدانەوەی ئەم کارەساتەدا هەیە؛ بەشێک لە گێڕانەوە فەرمی و مێژوونووسیی تورکی (کەمالیزم)، ئەم هەڵمەتە سەربازییانە وەک پرۆژەیەکی «چاکسازی»، «شارستانیکردن»، و «چەسپاندنی سەروەریی یاسا» لە قەڵەم دەدەن. لە بەرامبەردا، ئەدەبیاتی توێژینەوە ئینگلیزی و نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر پیادەکردنی توندوتیژییەکی سیستەماتیک، تێکدانی بونیادی کۆمەڵایەتی، ڕاگواستنی زۆرەملێ و ئەندازیاریی دیمۆگرافی دەکەنەوە. ئەم دووانەییە دژبەیەکە پێمان دەڵێت کە تێگەیشتنێکی بابەتییانە لە کارەساتی دەرسیم، بەبێ خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی هەردوو دیدگاکە و بەراوردکردنی بەڵگە مێژووییەکان مەحاڵە.

لە ڕووی دەرئەنجامە مرۆیی و ماددییەکانەوە، بەڵگەنامە و ڕاپۆرتە بەردەستەکان ئاماژە بە قەبارەیەکی ئێجگار گەورەی کوشتار، دەستگیرکردن، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و وێرانکردنی گوندەکان دەکەن. هەرچەندە بەهۆی نەبوونی ئامارێکی فەرمیی بێلایەن و جیاوازیی شێوازی تۆمارکردن لە سەرچاوەکاندا، ناتوانرێت ژمارەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆی قوربانییەکان دەستنیشان بکرێت، بەڵام سەرجەم بەڵگەکان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە توندوتیژییەکان تەنیا ڕاپەڕیوانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی فراوان دانیشتووانی مەدەنی (لە ژنان، منداڵان و بەساڵاچووان) کراونەتە ئامانج، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەوڵێک بۆ لەناوبردنی تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەرسیم.

لە لایەکی ترەوە، یەکێک لە گرنگترین تەوەرە مشتومڕاوییەکان، پرسی پۆلێنکردنی ئەم ڕووداوانەیە لە چوارچێوەی چەمکی «جینۆساید»دا. توێژەران لەم بارەیەوە دابەش بوون؛ هەندێکیان ڕووداوەکە لە چوارچێوەی سەرکوتکردنی یاخیبوون و توانەوەی کولتووری دا دەبینن، لە کاتێکدا بەشێکی دیکەیان بە پشتبەستن بە ئامانج، شێوازی جێبەجێکردن، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و ئاستی لەناوبردنی فیزیکیی دانیشتووان، ڕووداوەکە بە تەواوی بە پێناسەی جینۆساید بەپێی پەیماننامەی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەستنەوە. ئەمەش دەریدەخات کە پێناسەکردنی ئەم دۆسیەیە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی چەمکسازی و یاسایی هەیە کە تێیدا ڕەگەزەکانی: «نیە ، گرووپی ئامانجکراو»، و «شێوازی لەناوبردن» لەبەرچاو بگیرێن.

لیستی سەرچاوەکان


♦ Ahmet Şükrü Esin: 1925 Takrir-I Sükûn Kanunu Ve Siyasi Hayat, Tarih Dergisi, Sayi: 38, 1986, S. 19.

♦ B. O. A -Y. Prk. Ask. 108-47. H1313ca. 25.

♦ B. O. A-Mad. 8458. S. 249.

♦ B. O. Sa. Y. Prk. Um 34–25. H. 1313b. 02.

♦ Bahaedin Ögel Ve Hakkı Dursun Yıldız, Türk Milli Bütünlüğü İçerisinde Doğu Anadolu, Boğaziçi Yayınları, İstanbul, 199, S. 8.

♦ Bilge Kağan Şakaci: Türkiye'nin Göç Ve İskân Politikalari: ١٩٣٤Tarihli ٢٥١٠Sayili İskân Kanunu İncelemesi, Kamu Yönetimi Ve Politikalari Dergisi, ٢٠٢٠, S. ٣٧

♦ David Lisson, "Defining 'National Group' In The Genocide Convention: A Case Study Of Timor-Leste", Stanford Law Review, Volume 60, Issue 5, 2008.

♦ Ayni Yönde Bkz. David Alonzo-Maizlish, "In Whole Or In Part: Group Rights, The Intent Element Of Genocide, And The 'Quantitative Criterion', New York University Law Review, Volume 77, November 2002, S. 1377-1379.

♦ Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide Of F Kurdish Alevis In Dersim, In , 1937-1938. Genocide Studies And Prevention:: An International Journal .V.14. 2010.P.21.

♦ Doğan Doğan: Dersim Olayi Ve Dersim'in Türklüğü Üzerine, Uyum Yayinlari, ٢٠١٢, S.٣٥٢.

♦ Harun Yildiz, "Alevilerde Dedelik Kurumu", Alevilik (Haz. İsmail Engin – Havva Engin), İstanbul 2004.

♦ Türkiye Büyük Millet Meclisi, Tunceli Vilâyetinin İdaresi Hakkında Kanun, Kanun No. 2884, Ankara, 1935.

♦ Https://Www.Tunceliemek.Com.Tr/Haber/18885222/Ataturk-Vurun-Dedi-Vurduk

♦ İsmail Beşikçi, "Tunceli Kanunu", Timaş Yayinlari, 1992.

♦ Jordi Tejel Gorgas: The Shared Political Production Of The East As A Resistant Territory And Cultural Sphere In The Kemalist Era, 1923-1938. European Journal Of Turkish Studies. V.10. 2009.

♦ Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre, 1937-1938, Online Encyclopedia Of Mass Violence, [Online], Published On: 27 July, 2011, Accessed 27/04/2020,

♦ Nicole Watts: Relocating Dersim: Turkish State-Building And Kurdish Resistance, 1931-1938, New Perspectives On Turkey, 23 Issue, Fall 2000.

♦ Kurdistan And The National Liberation Struggle Of The Kurds The Organization Of Strugglers And Revolutionaries Of Kurdistan (Bahouz), Number: 02, 1972.

♦ M. A. Hasretyan: Türkiye'de Kürt Sorunu (1918-1940), Berlin, Wêşanên, Ënstîtuya Kurdî, 1995.

♦ Mahmut Akyürekli, Dersim Sorunu (1937–1938), Yüksek Lisans Tezi, Ankara Üniversitesi Türk İnkilap Tarihi Enstitüsü, Ankara, 2010.

♦ Martin Van Bruinessen, 'Genocide in Kurdistan? The Suppression Of The Dersim Rebellion In Turkey (1937-38) And The Chemical War Against The Iraqi Kurds (1988)', In George J. Andreopoulos (Ed.), Conceptual And Historical Dimensions Of Genocide, University Of Pennsylvania Press, 1994.

♦ Mehmet Nuri Dersimi; Hatirati,. Doz Yayinlari, Istanbul 1997.

♦ Nicole Watts: Relocating Dersim.

♦ Raphaël Lemkin, Axis Rule In Occupied Europe: Laws Of Occupation, Analysis Of Government, Proposals For Redress (Washington Dc: Carnegie Endowment For International Peace, ١٩٤٤).

♦ Remzi Kitabevi: Arka Plan Teröre Yön Verenler. Kürt İsyanlari Ve Yabanci Tahrikleri, Nisan 2016.

♦ Uluğ Naşit Hakki; Derebeyi Ve Dersim, Kaynak Yayinlari, Istanbul 2009.

♦ Uluğ Naşit Hakki; Tunceli Medeniyette Açiliyor, Kaynak Yayinlari, Istanbul 2007.

♦ Yılmazçelik İbrahim,; Xıx. Yüzyılın İkinci Yarısında Dersim Sancağı, Şark, Elazığ 1999.

♦ Yusuf Halaçoğlu, Xvıı. Yüzyılda Osmanlı İmparatorluğu"Nun İskan Siyaseti Ve Aşiretlerin Yerleştirilmesi, T. T. K. Ankara 2009.

---

[١] Mahmut Akyürekli, Dersim Sorunu (1937–1938), Yüksek Lisans Tezi, Ankara Üniversitesi Türk İnkilap Tarihi Enstitüsü, Ankara, 2010, S. 5.

[٢] Bahaedin Ögel Ve Hakkı Dursun Yıldız, Türk Milli Bütünlüğü İçerisinde Doğu Anadolu, Boğaziçi Yayınları, İstanbul, 199, S. 8.

[٣] B. O. Sa. Y. Prk. Um 34–25. H. 1313b. 02.

[٤] Yılmazçelik İbrahim,; Xıx. Yüzyılın İkinci Yarısında Dersim Sancağı, Şark, Elazığ 1999, S. 14.

[٥] B. O. A-Mad. 8458. S. 249.

[٦] B. O. A -Y. Prk. Ask. 108-47. H1313ca. 25

[٧] Yusuf Halaçoğlu, Xvıı. Yüzyılda Osmanlı İmparatorluğu"Nun İskan Siyaseti Ve Aşiretlerin Yerleştirilmesi, T. T. K. Ankara 2009, S. 135.

[٨] Uluğ Naşit Hakki; Tunceli Medeniyette Açiliyor, Kaynak Yayinlari, Istanbul 2007, S. 32.

[٩] Uluğ Naşit Hakki; Derebeyi Ve Dersim, Kaynak Yayinlari, Istanbul 2009, S. 19.

[١٠] Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre, 1937-1938, Online Encyclopedia Of Mass Violence, [Online], P. 2,4. Nicole Watts: Relocating Dersim: Turkish State- Published On: 27 July, 2011, Accessed 27/04/2020, Building And Kurdish Resistance, 1931-1938, New Perspectives On Turkey, 23 Issue, Fall 2000, P.12.

[١١] Kurdistan And The National Liberation Struggle Of The Kurds The Organization Of Strugglers And Revolutionaries Of Kurdistan (Bahouz), Number: 02, 1972. P. 18.

[١٢] The Shared Political Production Of The East As A Resistant Territory And Cultural Sphere : Jordi Tejel Gorgas In The Kemalist Era, 1923-1938. European Journal Of Turkish Studies. V.10. 2009. P.45.

[١٣] Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide Of F Kurdish Alevis In Dersim, In , 1937-1938. Genocide Studies And Prevention:: An International Journal .V.14. 2010.P.21.

[١٤] . Nicole Watts: Relocating Dersim. P.12.

[١٥] یاسای نیشتەجێبوون کە لەساڵی ١٩٣٤ دەرچووە، یاسایەکە ئامانجی ڕێکخستنەوەو مۆدێرنکردنی گوندەکانی تورکیایە بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو. ئەم یاسایە بابەتگەلێکی وەک ڕێکخستنی پێکهاتەی فیزیکی گوندەکان، زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی، زیادکردنی بەرهەمی زەوییە کشتوکاڵییەکان و باشترکردنی ئاسانکاری ژێرخانی لەخۆگرتبوو. بۆ زیاتر بڕوانە: Bilge Kağan Şakaci: Türkiye'nin Göç Ve Sayili İskân Kanunu İncelemesi, Kamu Yönetimi Ve Politikalari Dergisi, ٢٥١٠Tarihli ١٩٣٤İskân Politikalari: ٣٧, S. ٢٠٢٠

[١٦] Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide. P. 21. Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre.P.4,5. Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre. P.4,5.

[١٧] Türkiye Büyük Millet Meclisi, *Tunceli Vilâyetinin İdaresi Hakkında Kanun*, Kanun No. 2884, Ankara, 1935, s. 112.

[18] Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide. P. 21

[19] یاسای تەقریری سوکون کە بەیاسای قەدەغەکردن و سانسۆر ناسراوە، لە ٤ی ئازاری ١٩٢٥ لەلایەن حکومەتی تورکیای ئەو سەردەمەوە دەرچووە. تەقریری سوکون لە زمانی تورکیدا بەواتای "ڕاگەیاندنی ئاشتی" دێت. یاساکە ڕێگەی بە حکومەت دا ئازادی ڕۆژنامەگەری و گردبوونەوە لە هەندێک حاڵەتدا سنووردار بکات. بەتایبەتی بۆ سنووردارکردنی مشتومڕی سیاسی و سەرکوتکردنی دەنگی ناڕازی بەکاردەهێنرا. بەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە، ئازادی ڕۆژنامەگەری زۆر بەرتەسک بووەوەو دەنگی ئۆپۆزسیۆن چەوسێنرایەوە. یاسای تەقریری سوکون نوێنەرایەتی قۆناغێکی تاریک دەکات لە ڕووی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە تورکیا. بۆ زیاتر بڕوانە: Ahmet Şükrü Esin: 1925 Takrir-I Sükûn Kanunu Ve Siyasi Hayat, Tarih Dergisi, Sayi: 38, 1986, S. 19

[20] Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide. P. 21

[21] Nicole Watts: Relocating Dersim.P.16.

[22] Harun Yildiz, “Alevilerde Dedelik Kurumu”, Alevilik (Haz. İsmail Engin – Havva Engin), İstanbul 2004, S. 323.

[23] Remzi Kitabevi: Arka Plan Teröre Yön Verenler. Kürt İsyanlari Ve Yabanci Tahrikleri, Nisan 2016, S. 424.

[24] Mehmet Nuri Dersimi; Hatirati,. Doz Yayinlari, Istanbul 1997, S. 68.

[25] Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre.P.7.

[26] M. A. Hasretyan: Türkiye'de Kürt Sorunu (1918-1940), Berlin, Wêşanên, Ënstîtuya Kurdî, 1995, S. 262.

[27] Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre.P.7.

[28] Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre. P.8.

[29] Doğan Doğan: Dersim Olayi Ve Dersim'in Türklüğü Üzerine, Uyum Yayinlari, ٢٠١٢, S.٣٥٢.

[30] Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre.P.8.

[31] Nicole Watts: Relocating Dersim.P.26,27.

[32] Kieser Hans-Lukas, Dersim Massacre.P.6.

[33] Martin Van Bruinessen, ‘Genocide In Kurdistan? The Suppression Of The Dersim Rebellion In Turkey (1937-38) And The Chemical War Against The Iraqi Kurds (1988)’, In George J. Andreopoulos (Ed.), Conceptual And Historical Dimensions Of Genocide, University Of Pennsylvania Press, 1994, P.9.

[34] Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide. P.21.

[35] Raphaël Lemkin, Axis Rule In Occupied Europe: Laws Of Occupation, Analysis Of Government, Proposals For Redress (Washington Dc: Carnegie Endowment For International Peace, ١٩٤٤).

[36] Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide. P..21.

[37] Dilşa Deniz: Re-Assessing The Genocide. P..24.

[38] David Lisson, “Defining ‘National Group’ In The Genocide Convention: A Case Study Of Timor-Leste”, Stanford Law Review, Volume 60, Issue 5, 2008, S. 1462. Ayni Yönde Bkz. David Alonzo-Maizlish, “In Whole Or In Part: Group Rights, The Intent Element Of Genocide, And The ‘Quantitative Criterion’, New York University Law Review, Volume 77, November 2002, S. 1377-1379.

[39] Https://Www.Tunceliemek.Com.Tr/Haber/18885222/Ataturk-Vurun-Dedi-Vurduk